Kurdistan Nêt
Digitally signed by Kurdistan Nêt
DN: CN = Kurdistan Nêt, C = US, O = www.kurdistannet.org, OU = Kurdistan Net
Date: 2004.01.05 20:49:02 +01'00'



# ئاورێک لە رابردووی دوور

عەبدولواحیدی خەندەرەش

## چاوخشانێک بە کتێبی

تویژینەوەی ئاسەوارگەلی بەرلەمێژوو لە کوردستانی ئێراق Prehistoric investigations in Iraqi Kurdistan

**لە نوسینی: Robert J. Braidwood و Bruce Howe .**

**بە هاوکاریی: Chares A. Reed  Frederick R. Matson  Hans Helbaek.  Herbert E. Wright, JR.**

ئەم کتێیە لە ساڵی ١٩٦٠ لە لایەن ئەنستیتووی رۆژهەڵاتناسیی زانکۆی شیکاگۆ بەشی خوێندنی شارستانییە کۆنەوارەکانی رۆژهەڵات چاپ و بڵاو کراوەتەوە. کتێبەکە پتر لە دووسەد لاپەڕەی قەبارە A4 ە و بە پێڕستێک دەست پێدەکات کە ناوی ئەو شوێنانەی کاریان لەسەر کراوە لەگەڵ هێندێک وردەکاریی کات و شوێنەکان کە پەیوەندیی بە نووسەرەوە هەیە و لە هەمان کاتیشدا بابەتەکە بۆ خوێنەر پتر روون دەکەنەوە ریز کراوە و لە لاپەڕەی ١ -٢٨ ی داگیر کردووە.

دوای ئەمە نووسەر لە ٧ رووپەڕدا لەژێر سەردێری" گرفتی سەرەکی" دا باسێکی تێروتەسەلی نووسیوە لەمەڕ کات و شوێنی سەرهەڵدانی کۆنینەناسی و شوێنەوارناسی و گەڕان بەدوای ئاسەوارە مێژووییە شاردراوەکاندا و دەڵێ کە یەکەمین شوێنی سەرهەڵدانی شارستانییەت باشووری مێزۆپۆتامیایە. وە باسی ئەوە دەکات کە ناوی ئەشکەوتەکان گۆڕاون و بوون بە عەرەبی، فارسی ، کوردی و تورکی کە ئێستا لەم شوێنانە ئاکنجین. نووسەر جیا لەو شوێنانە کە خۆی دیویەت و کاری تێدا کردووە کار و رامانی زۆر لە شوێنەوارناسەکانی دیکەشی بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانی خۆی وەکوو نموونە هێناوەتە روو.

لە بەشی دووەمدا نووسەر لە ٩ لاپەڕدا بەوردی بە نووسراوە و بە نەخشە شوێنی کارەکانی دیاری کردووە.

بەشی سێیەمی کتێبەکە بریتییە لە باسێک بە ناوی" گەشەپێدانی پرۆژەی ئێراق- جەرمۆ" کە وەک دەڵێت پێشتر بریتی بووە لە "پرۆژەی شوێنهەڵگرتنی سووریا" وە پاشان لە دوای قسەوباس و لێکۆڵینەوەی زیاتر ناوی پرۆژەکەیان گۆڕیوە بەهۆی ئەوەی کە ناوەندی کارەکان و گرینگترین شتە دۆزراوەکان لە شوێنێک بوون بە ناوی "جەرمۆ" Jermo .

بەشی چوارەمی کتێبی" توێژینەوەی ئاسەوارگەلی بەرلەمێژوو لە کوردستانی ئێراق، وەسفی ئەو شوێنانە و هەڵکەوتەی جۆغرافیاییان دەکات و هەروەها ژیۆلۆژی و جۆری خاکەکەیان بەوردی باس دەکات.

لە لاپەڕی ٧١ ەوە کە بەشی پێنجەمی پەرتووکەکەیە باسێکی دوور و درێژ دەسپێدەکات بە ناونیشانی" ئاوو هەوا و مرۆڤی بەرلەمێژوو لە مێدیتەرانەی رۆژهەڵاتدا". هەر لەم بەشدا و لە لاپەڕی ٩٩ وە باسێکی دیکە دێتەگۆڕێ بە ناوی " رەچەڵەکناسیی گژوگیای بەرلەمێژوو لە

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رۆژهەڵاتی نزیک و ئەوروپا دا". ئەمە بەدرێژی باسی دانەوێڵە و میوە و خۆراک و گیاو ئاژاڵ و ماڵاتی بەرلەمێژوو دەکات و لەگەڵ ئەمانی ئێستا دا بەراوردیان دەکات.

بەشی شەشەم لە رووپەڕی **١١٩** ەو دەسپێدەکات کە بریتییە لە چاوخشانێک بە بەڵگە مێژووییەکانی کۆنینەناسیدا لە بارەی دەستەمۆو کەویکردنی ئاژەڵاندا لە رۆژهەڵاتی نزیکی بەرلەمێژوو. بۆ نموونە لێرەدا باسی سەگ، گورگ، بەراز. چەقەڵ، مەڕ، بزن و زۆر حەیوانی تریش کراوە.

بەشی حەوتەم لە لاپەڕە **١٤٧** را دەسپێدەکات لە ژێر سەردێری" بنەماگەلێک بۆ کرۆنۆلۆژییەکی ( ریزبەندیی ساڵ، مانگ یا رۆژ و.... کە پەیوەندییان بە پرۆسەیەک یان رووداوێکەوە هەبێت ) گومانبار.

لە بەشی هەشتەمدا هەردووک نووسەر بەجووتە باسێکیان نووسیوە لەژێر ناوی" بەرەو رێکخستنەوەی کاروانی ژینگەیی لە باکووری ئێراق". کە **١١** رووپەڕی گرتووەتە خۆ.

بەشی نۆیەم بریتییە لە باسێک بە ناوی" چاوەدێریەکان، پرسەکان و دیمەنەکان.

بە دوای ئەمەدا بەشی دەیەم دێت کە بریتییە لە وێنەی ئەو شوێنانە کە کاریان تێداکردووە، پێیدا تێپەڕیون و هەروەها بەشێک لەوشتە بەنرخانە کە دەستیان کەوتووە. یەکەمین وێنە وێنەی شاری هەولێرە کە لە هەواوە گیراوە. وێنەی **٢١** دیمەنێکی کوردستانە و هەروەها **١٨** لاپەڕەشی بە وێنەی ئاسەوارە مێژووییەکان کە بریتین لە پەیکەر، سووالەت، ئامێری بڕندە، دەفری بەردین و گڵینە، دانەوێڵە و شاخی بزن و.... رازاوەتەوە.

ئەم پەرتووکە سەرچاوەیەکی زۆر بەنرخە بۆ نووسینەوەی هەموو لایەنەکانی مێژووی کۆنی وڵاتی کوردستان بە جۆغرافیا و ژیۆلۆژی و کشتوکاڵ وئاژەڵداری و ئاووهەواوە. پڕە لەبەڵگەی زانستی بۆ سەلماندنی رامان و بۆچوونەکان لەمەڕ سەرهەڵدانی یەکەمین شارستانییەت لە بێشکەی شارستانییەتەکان( مێزۆپۆتامیا)دا، ئەو مێزۆپۆتامیایەی کە وا ئەمڕۆ بەشە هەرە گرینگ و مێژووییەکەی کەوتووەتە کوردستان و پێخوستی نامۆ و بێگانە و زۆردارگەلێکە کە هیچ ئوسوولێکی شارستانی رەچاو ناکەن.

**٢٠٠٣/٠٨/٠١**

نیوزیلاند

PDF created with FinePrint pdfFactory trial version www.pdffactory.com